

# ڕێباز قادر: ئەوەی کە چاوەڕوانمان نەدەکرد بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەم بێ دەنگیەی هونەرمەندان و هونەرکارانە

**دیمانە: هێمن خەلیل**

**ڕێباز قادر دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگاو کۆلێژی هونەرەجوانەکانە، لەهەموو کاروچالاکیە هونەریەکانی پەیمانگاو زانکۆ بەشداری کردووە، وەک خۆی دەڵێ : هەر لە منداڵیەوە حەزوخولیای هونەری شێوەکاری هەبووە، ئێستاش کە مامۆستای هونەرە لەقوتابخانە بەردەوامە لە کارەکانی و تا ئێستاکەش خاوەنی (8) پێشانگای تایبەتە، لەشارەکانی کوردستاندا لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردو لێمان پرسی:**

*** بەڕای ئێوە هونەرمەندە شێوەکارەکانی کوردستان تا چەند توانیوویانە بەهونەرەکەیانەوە بژین و داهات پەیداکەن؟**

– نەخێر من پێم وایە کڕیاری کاری هونەری لەم وڵاتەدا زۆر کەمە، ئەوەی هەشە زیاتر تابلۆکان هەر بۆ جوانی دەکڕێت، و بایەخ بە ناوەڕۆکی تابلۆکەو هونەرەکەی نادات، چونکە هوشیاریی هونەریی بە گشتی لەو ئاستەدا نیە کە بینەر بە دوای نهێنیەکاندا بگەڕێت .

سەبارەت بەئاستی هونەری شێوەکاریش دەلێم : زۆربەداخەوە ئەوەی کە چاوەڕوانمان نەدەکرد بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەم بێ دەنگیەی هونەرمەندان و هونەرکارانە، چونکە بەجارێک هونەر بۆتە خەونێکی بەسەرچوو زۆر بەداخەوە دنیای بازرگانی و دونیای پارە یەخەی هونەری گرتووەو بەجارێ لەناوی بردوە، من وەک هونەر دۆستێ، زۆر ڕەشبینم بەوەی دەیبینم، چونکە هونەر کات و ساتی بۆ نییە بۆ دەربڕینی هەست و خەیاڵی قەتیسخواردوو،

**ڕێبازی نیگارکیش زێتر لەوەندە لەمەڕ شوناسنامەی هونەری شێوەکاری نەتەوەیدا پتر دواو گوتی :**

زۆر گرنگەو زۆریش پێویستە ئەم شوناسە بپارێزرێت، چونکە شوناسی ئێمەی هونەرمەندان و هونەردۆستان پەیوەستە بە کولتور، چونکە کولتوور بوونی ئێمە دەگەیەنێت لەڕابردوودا، خۆ گەر ڕابردووشمان نەپارێزین ئەوە دیارە بێ هەستین و وەک شووشەی دەستی کچێک واین کەشکاین چاک نابینەوە بۆ داهاتوش.

دواتر پرسیارمان لێیکرد : ئایا بۆ هەر کارێکی هونەری ڕەخنەی ڕەخنەگران یان ڕەخنەی بینەر باشترە ؟ ئەویش دەڵێ:

جا ئەو ڕەخنەیە لەلایەن کەسی پسپۆر بێ یان کەسێکی ئاسایی بێت، بەڵام دەبێت بنیاد نەر بێت نەک ڕوخێنەر، دەپرسین ئایا بەڕای ڕێباز بوونی پەیمانگای هونەری لەزۆربەی شارو قەزاکانی کوردستان تاچەندە زەروورە؟

ئەویش دەڵێ: بەڕای من زۆر گرنگە، چونکە چەند سودێکی هەیە یەکەم کچان ئازادانەتر داوای ئەوە دەکەن کەبڕۆن لەو شوێنە بخوێنن، چونکە زۆرێک لەو خەڵکانە ماون کە هێشتا ڕێگرن لە بەردەم کچەکانیان بۆ خوێندن لەو شوێنانە، دووەم کەسێک گەر لایەنی دارایی باشیش نەبێت دەتوانێ لەوشوێنەی کە نیشتەجێیەتی بخوێنێت و، جگە لە چەندین خاڵی گرنگی تریش

لەبارەی ئاستەنگ و گرفتەکان دەڵێ:



ئاستەنگ و گرفتەکان بریتین لە نەبوونی شوێنێکی باش بۆ کارکردن، لایەنی داراییش لەولاوە بوەستێ، چونکە کاری هونەری زۆرپێویستی بە ئاستی داراییەوە هەیە .

**بەو پێیەی ئەو شێوەکارە مامۆستای قوتابخانەیە لێمان پرسی تاچەند لەئاستی قوتابیان ڕازی ؟ لەوەڵامدا گوتی:**

تا ئاستێکی باش لێیان ڕازیم، چونکە وەک پێویست خۆمان هیلاک دەکەین و ئاواتی ئەوەیان بۆ دەخوازین کە ئەو نەوەیە بە هوشیاریی و کارامەییەوە پێ بگا .

**تایبەت بەکارەکانی مامۆستایانی هونەریش تاچەند لەکارەکانی یەکترەوە ئاگادارن، دەڵێ :**

زۆر بەداخەوە ئەم قەیرانی ونبوونە لە دنیای هونەرو دونیای پارەدا ئەوانیشی گرتۆتەوە .

دەربارەی گرنگی نەدان بەوانەی هونەریش دەڵێت:،ئەگەر قوتابخانەکان وەک پێویست ڕۆڵی خۆیان ببینن لە پەروەردەی هونەری ئەوە دەتوانین بنەماییێکی دروست بۆ ئەو هونەرمەندانە دارێژین .